گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەسەڵاتی سیاسی و پرۆسەی گەمارۆدانی توندوتیژی سیاسی

## ڕاڤەی چەمکێك بۆ بەمانابوونی دەسەڵاتی سیاسی؛ هەرێمی کوردستان بەنموونە

**پ.ی د. سەردار قادر محی الدين**
بەشی یاسا، کۆلێژی یاساو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، عێراق
Dr.sardarqadir@lfu.edu.krd

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٢/٢٧
پەسەندکردن:٢٠٢١/٣/٣١
بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢١

**وشە سەرەکییەکان:**
*Political power, political violence, political society, institutionalization, intransigence, terrorism, democracy, security, values, conflict.*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.2.02

### پوختە

ئەم بابەتەی کە لەم چەند ڕووپەڕاوەدا توێژەر لە ژێر ناوی "دەسەڵاتی سیاسی و پرۆسەی گەمارۆدانی توندوتیژی سیاسی؛ ڕاڤەی چەمکێك بۆ بەمانابوونی دەسەڵاتی سیاسی؛ هەرێمی کوردستان بەنمونە" دەخاتەڕوو، ئەویش کە پێکهاتووە لە پوختەو پێشەکی و سێ بەش و بەرەنجام. وەك پۆلێنی ئەکادیمیانەش لە بواری توێژینەوەی سیاسی دەکەوێتە سەر بابەتەکانی تیۆرو سستمی سیاسی و هەنگاوێکیشە بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی سیاسی لە دونیای دواکەوتووداو لە نێو ئەو دونیایەشدا هەرێمی کوردستانمان بە نموونە هەڵبژاردووە.

لەبەشی یەکەمدا توێژەر گرنگی تایبەتی داوە بە هەردوو چەمکی دەسەڵاتی سیاسی و توندوتیژی سیاسی، بەوەی کە توندوتیژی سیاسی پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووەو زورێك لە کۆمەڵگاکانی دونیای دواکەوتووی پێ گیرۆدە بووە.

سەبارەت بە ڕاڤەی توێژەر بۆ دەسەڵاتی سیاسی جەخت لەسەر بە سیاسیکردنی دەسەڵات دەکات و قوتارکردنی لە هەموو دیاردەکانی تر وەك حیزبایەتی و خێڵەکی و ناوچەگەری و توێژەیی...هتد. وە ئایا وەزیفەی ڕاستەقینەی ئەو دەسەڵاتە لەچیدایە و گرنگی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیش بۆ دەسەڵات چەند چارەنوسی دەسەڵات زامن دەکات، بەوەی کە دەسەڵات

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پڕۆسەیەکی نیشتمانییە بۆ بەرەو پێشچوون و گەشەسەندن، وا باشتریشە کە بە ڕێکخراوەیی بکرێت و لایەنی یاسایی بەسەردا زاڵ بێ‌و توندوتیژی بەکارهێنانیشی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگاو یاسایی بێت.

دواتر توێژەر هەر لەبەشی یەکەمدا توندوتیژی سیاسی خستۆتەڕوو نمایشێکی ئەو دیاردەیەی کردووە کە چۆن دەبێتە مایەی نەهامەتی بۆ کۆمەڵگاو خولانەوە لە نێو بازنەیەکی کلاسیکیدا. بەهەمان شێوەش هەرگیز توندوتیژی و تیرۆر ئەگەر هۆکاری عادیلانەشی هەبن بۆ دروست بوونی ئەوا هەرگیز ناتوانێ کێشەیەکی عادیلانە بخولقێنێ.

لەبەشی دووەمدا کە لە ژێر سەردێڕی "بەمانا بوونی دەسەڵاتی سیاسی"دا هاتووە. توێژەر ئاماژە بە چەند چەمکێك دەکات کە دەبنە هۆی بەمانا کردنی دەسەڵات و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێ وەك: "بنیاتنانی کۆمەڵگای سیاسی، دیاریکردنی سنوری ململانێ، پێشدەستی "المبادرة" دەسەڵات، دەستگرتن بە بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، قوتاربوونی لە بازرگانیکردنی توندوتیژی، بەوەضعیبوونی دەسەڵات، دواتریش بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو دەسەڵات".

لەبەشی سێیەمدا کە تایبەتە بە کوردستان لە ژێر ناوی "پرۆسەی گەمارۆدانی توندوتیژی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان جەدەلیەتی ئەمنی و دیموکراتییەتدا". کە تیایدا توێژەر ئەو ڕەهەندانە ڕاڤە دەکات کە لە میانەیانەوە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا دەتوانێ تیرۆر گەمارۆ بدات، وەك لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسی، دیموکراسیەت، لێپرسراوێتی ئەمنی، ڕاگەیاندن و پێگەیاندنی سیاسی، یاسای تیرۆر، دواتریش ڕاڤەی ڕەهەندی ئیسلامییەکانی کوردستان و تیرۆر.

ئەو بەرەنجامەی کە توێژەر مەبەستییەتی پێیبگا ئەوەیە کە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لە ئاستی کێشە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بێت و خۆی لە خۆیدا بەمانابوو بێ‌و کۆمەڵگاش هەست بەو شعورە بکات، کە دەسەڵاتێکی هەیە لە ئاستی پێویستدایە. چونکە هەر کاتێ دەسەڵات بەرکەمال نەبوو بەپێی پێویستیش ناتوانێ گەمارۆی تیرۆر بدات. دیارە گەورەترین ئافەتیش ئەوەیە

توندوتیژی و تیرۆر لایەنگرو دەستخۆشی پەیدا بکا لەناو جەماوەردا. ئەو پرۆسەیەش لێپرسراوێتی دەکەوێتە سەر هەمووان و وا پێویستە هەمووان لەو پێناوەدا بەشدارییان پێبکرێ.

## پێشــەکی

مەرج نییە هەموو سەقامگیرییەك ئاکامەکانی پێشکەوتن و ڕەفاهیەت بێت، ئەگەر کەموکورتی کەوتە ئازادی و دادپەروەرییەوە. ڕەفاهیەت تەنها لە بواری مادیدا پێی مەبەست نییە، بەڵکو پارسەنگەکە لەوەدایە ئاخۆ کۆمەڵگا تا چەند بەو هۆکارە لە ئاکامدا بەختەوەرە. ئەمە جەدەلیەتێکە مشتومڕ زۆر هەڵئەگرێ، بەڵام هێندەی دەرککردن بەسەرەداوی گرفت و هۆکارەکانی، بەهای بەرز نییە. ئەمە گەرەکییەتی کەم تا زۆر توێژینەوەی تیروتەسەلی لەسەر بکرێو، دەسەڵاتی سیاسیش ئەو کۆششانە بە هەند بگرێت و پاڵپشتی و کۆمەکیان لێبکات.

لە هەر کۆمەڵگایەکدا گرفت کەوتە دەسەڵاتەوە، گرفت دەکەوێتە مەودای ژیانی کۆمەڵگاو بە دۆگما بوونیان کارێکی مەحاڵ نابێ. تەنانەت لەوە زیاتریش، بەوەی کە سەرجەم هۆکارەکانی برەوی کۆمەڵگاو پێشکەوتنی دووچاری خەلەل و نا هاوسەنگی دێن، بە باوەڕو ئاینی خەڵکیشەوە.

گەلانی دونیا هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بە هۆکارێك پێشدەکەون، گەرچی گەیشنە ترۆپکەو عەزیمەت سانا نییەو زەمەن و قوربانی و عەزیمەت و جورئەتی ئەوێو، ئەو تورەقییەش قۆرخ نییە لە یەك هۆکارو زەمەن و گەل. ئەوە ئیمتیاز نییە بۆ گەلێك و تاسەر بێو بۆ ئەوانی تریش نەهامەتی. بەڵام ئەوەی لەو پێناوەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدرێ ئاشتەوایی و تەواوکاری نێوان جەماوەرو دەسەڵاتە کە ئەو مەسەلەیە هەندە گرنگە دەبێتە کلیلی پێشکەوتن و سەقامگیری و گەشەسەندن لە نێو وڵاتدا.

گەرچی ئێمە بە پلەی یەکەم جەختمان لەسەر بەمانا بوونی دەسەڵاتی سیاسییە، هێندەش لە ناواخندا لە پرۆسەی گەمارۆدانی توندوتیژی سیاسی و تیرۆرو بەرپاکردنی سەقامگیری و تورەقیە، کە ئەمانەش بەبێ خەوش لەمیانەی بە مانابوونی دەسەڵاتی سیاسییەوە فەراهەم دێن. هەر بۆیە پێش ئەوەی دەسەڵات گەمارۆی گرفتی تیرۆر بدات، دەبێ گەمارۆی گرفتەکانی بدات لەگەڵ کۆمەڵگەو، کەسێتی شارستانی جەماوەر تێیدا بەرجەستە بووبێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توندوتیژی و تیرۆر بەدەر لەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، سیاسییەو لە پشتییەوە فەرهەنگێکی کلتوری توندڕەوانەی ئاڕاستەکراوی هەیە، بەڵام سەیر نییە کە زۆربەی کات دەسەڵاتی سیاسی خۆی دەبێتە هۆکاری تەشەنەکردنی توندوتیژی. لە کۆمەڵگاکانی دونیای دواکەوتووشدا تا ڕاددەیەکی زۆر زیاتر ئەم جۆرە لە توندوتیژی و تیرۆر هەیە، کە بەرەنجامەکەی نەبوونی ئازادی و دادپەروەری و لێکحاڵیبوون و گەشەسەندنە.

## 1.سروشتی دەسەڵات و توندوتیژی سیاسی

### 1 .1. دەسەڵاتی سیاسی

گەرچی مرۆڤ بوونەوەریکی بەتواناو ناوازەو خاوەن تایبەتمەندییەکی یەکجار گەورەو دەگمەنە، بەڵام تا هەنوکەش بەو هەموو توانا فیکری و بازووییەوە نەیتوانیوە بگاتە کەماڵ، دەشێ ئەوە بەرچاو بگیرێ کە ئامانج لە ژیان لای هەموو تاکەکان وێکچوو نییەو بەهەمان ڕوحیەتیشەوە لەگەڵیدا وازی ناکرێ، وەلێ ئەوەندەی بەگشتی جێی سەرنجە کە زۆرینەی خەڵك بە ڕێژەی جودا مەبەستیانە لەسەر سێ تەوەرە ژیانیان بەرکەماڵ بکەن و بیهێننە دی و لەو پێناوەشدا ئارەقە بڕێژن و هیچ گومانیش لە ڕوح بەخشینیش نییە، ئەو دەمەی ئەو گران بەهایە دەکەوێتە بەرابەری تەرازووەکەوە. ئەو سێ لایەنەش "ئاسایش و دادپەروەری و خۆشگوزەرانییە"( سەردار قادر، 1998، ل3 ). بەڵام لەکام ڕوانگەوە و دەرچە هزریەوە هەنگاوی بۆ دەنرێ، ئەوە جێی جوداییە لای تێزو تاکەکان.

گومانیش لەوەدا نییە کە ئەو سێ تەوەرە بە هیچ شێوازێك بەرجەستە نابن لای کۆمەڵگا و تاکەکانیش بەرکەمال نابن بەبێ دروستکردنی دەسەڵاتێکی ڕامیاری، کە پێکهاتەی کۆی ویستەکانی کۆمەڵگایە، دیارە بۆچوون لەو بارەیەوە زۆرو هەمەجۆرە و زیاتر لە ڕاڤەیەك هەڵدەگرێ‌و، هەر یەکەشیان کەم تا زۆر شوێندەستی خۆی جێهێشتووە، خۆ ئەگەر بواری ئەوەندەی بۆ نەرەخسابێ لە کورسی حوکمدا ڕەنگبداتەوە، ئەوا لەسەر لاپەڕەکانی فەرهەنگ و توێژینەوەکان و پەڕتووك و ڕۆژنامەکان پانتاییەکی جێگرتووە.

لەو بارەیەوە دەتوانین جەخت لەسەر چەند ڕەهەندێکی تایبەتمەند بکەینەوە:

#### 1 .1.1. بە سیاسیکردنی دەسەڵات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەسەڵاتەکان جۆریان زۆرە، بەڵام ئەوەی زۆر جەختی لەسەر دەکرێ و مۆرکی کۆمەڵگاو تاکەکان دەردەخات دەسەڵاتی سیاسییە، خۆ پێشتر دەکرێ بە ووردی باس لە گرنگی دیاردەی سیاسەت بکرێ لە کۆمەڵگادا چونکە بە ڕاستی ئەوەی کە دەسەڵات زیاتر بەلای سیاسەتدا دەبات، ڕاددەی زیاتر چەسپیوی بایەخدانە بە سیاسەت لای تاك و کۆمەڵگا، بەوەی سیاسەت کردن لای مرۆڤ کارێکی ئاساییەو ناتوانێ لە مومارەسەکردنی دەربازی ببێ، بەڵکو شتێکی حەتمییەو پەیوەندی بە خودی مۆرکی وەزیفی مرۆڤەوە هەیەو مانەوەی کۆمەڵگاش تا ڕاددەیەکی زۆر هاوتەریبە لەگەڵ بایەخدان بە سیاسەت ( د. حسن نافعة، 2002، ص13 ). چونکە گەرچی چەمك و دیاردەی سیاسەت ماناو مۆرکی کۆمەڵگا پتەو دەکات، ئەوەندەش گەر تێزەکان مەبەستیان بێت، مانای خەبات دەگەیەنێ بەرامبەر گۆڕانکاری و پێشکەوتن و دادپەروەری و ئاسایش. بەگشتی نەك تێزێکی تایبەت هەستێ بە قۆرخ کردنی، کە دەبێتە مایەی دواکەوتن و بواردانی زۆرێك لە گرفت کە لەوانەیە دواتر کۆمەڵگا باجەکەی بدات.

کەواتە مرۆڤ بەبێ سیاسەت هەڵناکات و پێچەوانەی مۆرکی وەزیفی خۆیەتی لە ژیانداو، ئەو خەسڵەتەش بە دەست هاتوو نییە لە مرۆڤدا، چونکە سیاسەت جەوهەری سروشتی مرۆڤە، بەڵام ئەوەی کە بە دەست هاتووە سەرنج بدرێ، ئامادەیی مرۆڤە بۆ خستنەگەڕی تواناکانی و گەشەپێدانیان و بەرجەستەکردنیان لە ڕێکخستن و پێشکەوتندا ( د. محمد طه بدوی، 2000، ص56 ). دیارە ئەو پێناسەیەی کە توێژەر لایەنگیری لێدەکات سەبارەت بە چەمکی سیاسەت، ئەوەیە کە لە "هەموو ڕوویەکەوە پەیوەندی دەسەڵات و کۆمەڵگا و ئاکامەکانی دەخاتەڕوو و، بە سەرنجێکی واقعیانەش دەڕوانێتە کۆمەڵگا و لە هەڵسەنگاندنیشدا تەواوکاری تێدا بەدی دەکرێ" ( د. محمود محمد سليمان، د. س.، ص51 ).

### 1. 1. 2. وەزیفەی دەسەڵات

پەیوەندییەکی یەکجار پتەو هەیە لە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا و سیاسەتدا، ئەوەی پانتاییەکی سەرەکیش لەو پێناوەدا دەرەخشێنێ باسی دەسەڵاتە، چونکە دەسەڵات هەنگاوێکی جدییە بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگاو قوتارکردنی لە توندوتیژی و ئاشوب و مانای پێشکەوتن و بەردەوام بوونی هەیە، دیارە دەسەڵاتیش خۆی لە خۆیدا وەڵام دانەوەی چەندان پرسیارە سەبارەت بە ئایندەو

پێشکەوتن و باشترکردنی دۆزی ژیان و هەرچی زیاتر مسۆگەرکردن و بێترس کردنی ئایندەیە بەرەو باشتر ( Roger ScrutenK , 1982, p32) .

ئەگەر دەسەڵات بە یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا بخریتە پێشچاو، ئەوا گومان لەوەدا نییە ئایا ئەو دیاردە سیاسییە گرنگە بۆ چ مەبەستێك دێتە ئافراندن. لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا سەرەڕای ئەوەی کە چەندان ڕای جیاواز هەیە، بەڵام ئەوەی کە زۆرینەی زانایانی سیاسەت و کۆمەڵناسی لەسەری کۆکن ئەوەیە کە بە دەرکەوتنی دەسەڵاتی سیاسی لە زەرورەتێکی ئەمنیەوە دەست پێدەکات پێش هەر پاساوێکی تر. کەواتە وەزیفەی سەرەکی دەسەڵاتی سیاسی دابینکردنی ئاسایشە بە هەموو جۆرەکانییەوە، کە جێی بەرابەر پێکردن و گۆڕینەوە نییە.

## 1. 1. 3. کۆمەڵایەتیبوونی دەسەڵات

دروست بوونی کۆمەڵگا پێش دەسەڵاتی سیاسی و گروپە سیاسییەکانە، ئەوەی یەکلاش بۆتەوە سەبارەت بە کۆمەڵگا ئەوەیە کە دوای ئەوەی تەعبیرە لە دەستەجەمی تاکەکانی کۆمەڵگا و چەندان خانەوادە کە ژمارە بەمەرج دانانرێ، ئەوەیە کە کۆمەڵگا لەسەر بنەڕەتی خوێن دانامەزرێ، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێویستی بەیەکبوونە بۆ باشتر و ئاسایشی زیاتر کردنی ژیانە (د. یوسف محمد عبیدان، 1990، ص4 ).

دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بناغەی پێداویستی کۆمەڵگا دروست ببێ و ڕەنگدانەوەی هیواو ئاواتەکانی بێت و زۆرترین وێنای کۆمەڵگای تێدا دەرکەوێ، کەواتە هەر وەك چۆن دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بونیادی کۆمەڵگا بنیات دەنرێ هەر دەبێ ئاواش دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵگادا لە ڕەوتی کاردا پێچەوانە نەبێ و لەگەڵیدا کارلێك بکات بە ڕوویەکی ئیجابیانە، بە پێچەوانەشەوە یەکێك لەوانە دووچاری نەهامەتی و خاپورێکی چاوەڕوانکراو دەبنەوە. وە هەر دەسەڵاتێکیش لەو ڕەهەندەدا لاوازو نەدارا بوو ئەوا ڕەگەزو ماهیەتی سەرەکی خۆی لە دەست ئەدات کە بریتین لە هێزو شەرعیەت و خێر ( د. محمد طه بدوی، مدخل إلى العلوم السياسية، 2002، ص16 )، کە ڕۆڵی گرنگ و سەرەکیان هەیە لە پێشخستنی و بەرجەستەکرنی کەسێتی کۆمەڵگا.

## 1. 1. 4. پرۆسەیەکی نیشتمانییە بۆ بەرەوپێشچوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خەڵکی دەسەڵاتی سیاسی دێننە ئەفراندن تا گوێڕایەڵی خەڵکی تر نەکەن، وە ئەوەی لە دەسەڵاتی سیاسی قبوڵ دەکەن زۆر زەحمەتە بە ئاسانی لە هەر تێزێکی تری کۆمەڵگای وەرگرن، بەوەی کە ماهیەتی دەسەڵات مانایەك دەداتە گوێڕایەڵی ( جۆرج بوردو، 1987، ص11 ) کە دژایەتی نەکرێ لەلایەن کۆمەڵگاوە، گەرچی ئەمەش دیاردەیەکی ڕێژەییە لەسەر جۆری دەسەڵاتەکە دەوەستێ ئاخۆ تا چەند وێنەی کۆمەڵگای تێدا دیارە.

دەسەڵاتی سیاسی و بنیاتنانی لەلایەن کۆمەڵگاوە کردارێکی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیە لەلایەن کۆمەڵگاوە بۆ زیاتر بەماناکردنی کۆمەڵگاو بەرەوپێشبردنی و بەهێزکردن و پاراستنی کەسێتی شارستانێتی، خەڵکیش بەدوای زامن کردنی سبەینێیانەوە دەڕواننە دەسەڵات، بەردەوام ئاسایشیان لا مەبەستە، بەدەر لەو واقعە سەقامگیریە، پێشکەوتن و تەواوکردنی کەسێتی شارستانی مەحاڵە.

دەسەڵاتی سیاسی موڵکی کۆمەڵگایە و هەر ئەویش میراتگریەتی، هەر بۆیە دروست نییە وا سەرنجی دەسەڵات بدرێ کە موڵك یان غەنیمەیە و قۆرخ دەکرێ ( ناصف نصار، 1995، ص131 )، یان إمتیازێکی شەخصییە بۆ حاکم، هەر کاتێك بەم بۆچوونەوە سەرنجی دەسەڵات درا ئەوا لە وەزیفەی تایبەتی خۆی لادەدات و بە پرۆسەیەکی نەتەوەیی نیشتمانی بۆ بەرەوپێش چوون دانانرێ.

گەڕان بەدوای بەردەوامیدا لەلایەن کۆمەڵگاوە هەنگاوەکانی لە دروست کردنی دەسەڵاتی سیاسیدا بەدەر ئەکەوێ، بەوەی دەسەڵاتی سیاسی پرۆسەیەك نییە بۆ زەمەنێکی دیاریکراو تا کۆمەڵگا بیکاتە قەڵغان و بەرەنگاری مەترسییەکانی پێ‌بێتەوە و دوژمنانی پێ لەناوبەرێت، بەڵکو پرۆسەیەکە لەسەر بناغەو مەبەستێکەوە دێتەئاراوە ( ریمون بولان، 1992، ص401 )، بەڵکو پرۆسەیەکی ئایندەییەو ستراتیژیەتێکی نیشتمانی لە خۆدەگرێت، هەر بۆیە دەبێ دسەڵاتی سیاسی بەو سەرنجەوە ڕام بکرێ تا دووچاری بەرەنگاری و توندوتیژی نەبێتەوە.

### 1. 1. 5. ڕێکخراوەیی بوونی دەسەڵاتی سیاسی

نابێ هیچ دەزگایەك لەسەرو دەسەڵاتی سیاسییەوە کە بەرجەستە بووە لە حکومەتدا إعتباری بۆ دابنرێ، بەبوونی لایەنێك یان دەزگایەك بە ئاڕاستەکردنی حکومەت ( مارسیل بریلو، 1983، ص127 )، دەسەڵاتی سیاسی دووچاری لادان دەکا لە وەزیفەی تایبەتی خۆی و بۆ بەرژەوەندی تێزێك دەقۆسترێتەوە کە ئەمەش پێچەوانەی دۆزی دیموکراتییەتە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەلایەكیترەوە وا چاكە ئاماژەش بەوە بدرێ كە باس دەكەوێتە سەر بەڕێكخراوەییكردنی دەسەڵاتی سیاسی مەبەست لەوەیە كە كەس وەك كەسێتییەكی سروشتی هیچ إعتبارێكی قانونی نابێت تا تەحەككوم بە چارەنووسی دەسەڵاتەوە بكات، ئەودەم دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە موڵكی ئەوو دەتوانێ ئارەزوی خۆی تێدا ڕەخش بكات و ئاڕاستەی بكات كە لە پایاندا بە بەرژەوەندی كۆمەڵگا تەواو نابێت. بۆیە دسەڵاتی سیاسی دەزگایەكە كۆتاو باڵایە بەسەر هەموو دەزگاو لایەنەكانداو تواناو شەرعیەتی تایبەتی پێدراوە.

لەلایەكی تریشەوە ڕێكخراوەییبوونی دەسەڵاتی سیاسی چەند مانایەك دەبەخشێتە خۆی، لەوانەش سەقامگیری و ئاسایشبوونی دەسەڵات و بەكار نەبردنی توندوتیژییە لە ململانێی دەسەڵاتدا، وە هەروەها مانای پێشكەوتن و تەبایی ولێك حاڵی بوون بەرجەستەبوونی بەها باڵاو یاساییەكان دەردەخا لە كۆمەڵگادا.

### 1. 1. 6. توندوتیژی مەشروع

گەرچی دەسەڵاتی سیاسی تەواوی هێزو تواناكان لە كۆمەڵگادا بۆ خۆی قۆرخ دەكات، بەڵام هەرگیز نابێ لە خەسڵەتی ناوبژیوانی یاسایی خۆی تێپەڕێنێ. بەكارهێنانی هێز لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە دەبێ بۆ لادەرەكان بێ‌و ڕوویەكی یاسایی ڕاستەقینەی هەبێت و لەبەرژەوەندی باڵای گەلدا خۆی ببینێتەوە و هاوسەنگی بۆ كۆمەڵگا بگێڕێتەوە.

زانایانی سیاسەت لەسەر ئەوە كۆكن كە هەر دەسەڵاتێك بە توندوتیژی هاتبێتە سەر حوكم ئەستەمە بەدەربێ لە بەكارهێنانی ئەو هۆكارە لەلایەن تێزێكی ترەوە دژی، كورسی حوكم جێ‌بهێڵێ. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە دەسەڵاتی سیاسی ئەو هێزو شەرعیەتەی لە كۆمەڵگاو پێداویستی ئەوەوە وەرگرتووە، بەڵام كاتێ كۆمەڵگاو تێزە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگا ئەو مافە دەبەخشنە دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی جەماوەرو كۆمەڵگایە، نەك هۆكارێك بۆ قایم ڕاگرتنی سەنگەری هەڵسوڕێنەرانی دەسەڵات لەبەرامبەر نەیاران و كۆمەڵگا، بەو پێیەش دەسەڵاتی سیاسی شەرعیەت لە دەست دەدات، كە "سێ مەرجی سەرەكی هەیە ئەویش: ڕەزامەندی و یاساییبوون و دانانی ڕێوشوێنە" ( د. جان – ماك كواكو، 2001، ص21 )، كە لەبەرەنجامدا دانپێدانانی جەماوەر دەردەخا بە صەڵاحیاتی حكومەت. دیارە

شەرعیەتیش لە سادەترین پێناسەیدا: بریتییە لە مافی حوکم لەسەر شێوازێکی تایبەت، ئەو مافەش دەبێ خەڵك دانیپێدا بنێ ئەوجا شەرعیەت وەرئەگرێ و بە مافێکی شەرعیش دەناسرێ.

### 1. 2. توندوتیژی سیاسی

بریتییە لە بەکارهێنانی هێز بە ڕێگەیەکی ناشەرعی و ناعەقڵانی، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو کە شێوازێکی سیاسیانە لە خۆدەگرێ.

توندوتیژی کاردانەوەی دۆزێکی تایبەت و دیاریکراوە و پەیوەندی بە هۆکارێك یان چەند هۆکارێکی تایبەتەوە هەیە ( أحمد جما الظاهر، 1998، ص291 ). لە خەسڵەتەکانیشی گەیاندنی زەرەرەو خەسارەتە بە خەڵکانی ترو ترس خستنە ناو دڵیانەو تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵگایە، هەر وەك دەبێتە مایەی دەرکەوتنی ئەو گروپەی کە پێی هەڵدەستێ وەك ناوو شۆرەت و ئامانجێکی تایبەتیشی هەیە و کاتییە ( سردار قادر، العنف السیاسي، 2003، ص34 -45 ). بەکارهێنانیشی تەنها مەبەست تیایدا گۆڕانکاری نییە، بەڵکو هەندێ جار بۆ گۆڕین و پاشگەز کردنەوەی بەرامبەر لە هەندێ هەڵوێست و سیاسەتی تایبەت. ئەوانەشی بەکاری دەهێنن بە توندڕەو ناسراون.

توندوتیژی سیاسی زیاتر بە دوو شێواز ناسراوە: توندوتیژی شەرعی وەك مافی چارەی خۆنوسین و توندوتیژی ناشەرعی، وە زۆرجار بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی ڕێکخراوەو ئامانجێك و گروپێك لە پشتیەوە وەستاون ( د. صادق الأسود، 1988، ص566 ).

توندوتیژی سیاسی لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتەوە بەدەرکەوتووە، ئەمەش بە یەکێك لە جیاکەرەوەکانی توندوتیژی سیاسی دادەنرێت لەوانی ترو دیاردەیەکی مێژووییشە ( أحمد الضو أحمد، 1998، ص62 )، بەڵام تا ئیستاش نەیتوانیوە شەرعیەت بەدەستبێنێت، تەنها لەلایەن ئەوانەوە نەبێ کە پەنای بۆ دەبەن و خۆیان لەسەر حەق دەخەنەڕوو. توندوتیژی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە تا ببێتە بەشێك لە کۆمەڵگا، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە کۆمەڵگاکان لەو دیاردەیە بەتاڵ کرابنەوە، بەڵکو دیاردەیەکی کاتی و تێپەڕیووەو لە زۆربەی کۆمەڵگاکانیشدا بوونی هەیە.

توندوتیژی بەکارێکی حەتمی سەرنج نادرێ تا تاکەکان بە ناچاری پەنای بۆ ببەن، شەڕێکیش نییە بڕیاری خۆیانی لەسەر نەبێ، بەڵکو هەر دەبێ بیکەن و دیاردەیەکە لە دەرەوەی ویستی خۆیانەوە دەسەپێ. هەر بۆیە ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەسەڵاتی سیاسی و سیاسەتەکانییەوە هەیە دەرهەق بە کۆمەڵگاو بەرپرسیارێتی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی. گومانیش لەوەدا نییە کە چەندان هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی و ئابوری و کلتوری...هتد کاریگەریان لەسەر ڕەوتی توندوتیژی هەیەو نکوڵیان لێ‌ناکرێت و لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر دەگۆڕێن، کە ئەم چەند ڕووپەڕاوە بەداخەوە بوارمان پێنادا بە زیاتر لەسەر ڕۆیشتنی بەباسکردن. لە تایبەتمەندییەکانی توندوتیژی سیاسی: ترس و تۆقاندن، وێرانکاری، بوونی ئامانج، ناودەرکردنی گروپێك، کاتیبوون.

توندوتیژی سیاسی لەناو کۆمەڵگادا سەرەڕای ئەوەی دەبێتە مایەی وێرانکاری و تێکچوونی باری ئەمنی کۆمەڵگاو لە شوێن خۆ خولانەوە (مراوحە) بەهەمان شێوەش دەبێتە مایەی گۆڕینی وەزیفەی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی و خەریك کردنیان بە گرفتێکی ساتی کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە، وەك لەوەی سەرقاڵی بنیاتنان و تەواوکەری پرۆسەیەکی ئایندەیی نەتەوەیی بن. توندوتیژیش لەلایەن خۆیەوە زیاتر مەبەست پێی لە کاربردنە، چونکە خۆی ئەگەر لەو ڕوانگەوە پشتیوانی تێك بدا بەڵام هەرگیز ناتوانێ واقعێکی بنیاتنەر پێکبهێنێ، وە ئەگەرچی ئەو هۆکارانەی لە پشتیەوە دەوەستن دادپەروەرانە بن، بەڵام هەرگیز ناتوانێ کێشەیەکی دادپەروەرانە دروست بکات و بیگەیەنێتە مەنزڵ.

## 2. بەمانا بوونی دەسەڵاتی سیاسی

ئەو دەمە دەسەڵات ماهیەتی سیاسی خۆی وەردەگرێ کە لە جەوهەردا خەسڵەتەکانی دەسەڵاتێکی سیاسی تەواوکاری تێدا بەرجەستە بووبێ و لەلایەن جەماوەریشەوە هەست بەو حاڵەتە بکرێ ئەمیش بە مەبەستی دوور ڕاگرتنی کۆمەڵگا لە هەر هەنگاوێك کە دەیەوێ توندوتیژی لەناو کۆمەڵگادا بخولقێنێ. بۆ باشتر ناساندنی ئەو بەمانابوونە پێویستە دەسەڵات ئەو واقیعە بەرهەم بێنێ کە کۆمەڵگا چاوەڕوانی لێ دەکات، ئەویش وا باشترە بۆ زیاتر ڕوونی ئاماژە بە چەند تەوەرێك بدرێ، لەوانەش:

### 2. 1. بنیاتنانی کۆمەڵگای سیاسی

دیارە لەهەر کۆمەڵگایەکدا إعتبارێکی تایبەت بۆ سیاسەت دانرا زیاتر بەرەو ئەو قۆناغە دەکەونەڕێ کە دەسەڵاتی سیاسی تیایدا بەرجەستە ببێ، مانای ڕاستی خۆی تێدا دەردەکەوێ، ئەمەش کارێکی ئاسان نییەو بەرپرسیارێتییەکەی ئەکەوێتە سەر گروپە سیاسی و ئاینی و مەدەنی و دەسەڵاتی سیاسی، تا بتوانن ئەو قۆناغ و حاڵەتە فەراهەم بێنن و بیهێننە ئەفراندن.

زاراوەی کۆمەڵگای سیاسی هەندە ئاڵۆز نییە تا حاڵیبوون لێی مەحاڵ بێ‌و پێگەیشتنی دژوار بێ، چونکە یەکەم هەنگاوی ئەو کۆمەڵگا سیاسییە لە کارلێکەوە دەست پێدەکات لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا، خۆ ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی مەبەستی بوو هەرچی زووترە ئەو واقعە بەکاملْ دەگات و دەبێتە ڕەنگدەرەوەی کۆمەڵگاو پشت ئەستوریش دەبێ بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و شەرعیەتیشی زۆرتر دەبێ‌و گروپەکانیش لە نەزعەی تیرۆرو توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی دوور دەکەونەوە. ئەو واقعەش بە خستنەوەی واقعێکی دیموکراتی فەراهەم دەبێت کەدژ بە توندوتیژییەو دەسەڵاتی سیاسیش بەو غایەیە دەگات کە دەڵێ "حوکمی گەل بە گەل و بۆ گەل".

کۆمەڵگا ئەو کاتە بەمانا دەبێ لە جەستەی سیاسەتدا کە تەواوکاری تێدا بەرجەستە بووبێ‌و دژوار نەبێ لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی، ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە سەبارەت بە دەسەڵاتی سیاسی بەوەی کە دەبێ ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگاو هاوتەریب بێ لەگەڵ ئامانج و ویستەکانیداو دژواریش بێت لەگەڵا ژینگەی دەرەوەی سنوری دەسەڵاتی نەتەوایەتی. نەك بە پێچەوانەوە هەر وەك چۆن لە دونیای دواکەوتوودا سەرنج دەدرێ ( عبدالله العروي، 1988، ص18 ).

### 2. 2. دیاریکردنی سنوری ململانێ

هەر کاتێ دەسەڵاتی سیاسی بە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی نەگەیشت، ئەوا بێ‌گومان، هیچ پاساوو سنورو یاسایەکیش بۆ ململانێکان نابێت. بەوەی ئەگەر دەسەڵات بەو شێوەیە نەبوو ئەوا ناشتوانێ دەستورێکی دیموکراتی دابنێ، چونکە پێش ئەو دەستورە ناعەدالەتییەك هەیە لە ڕوانین بۆ هاوڵاتیان بەیەك چاو سەیرنەکردنیان. خۆ ئەگەر بەو شێوەیەش بوو ئەوا هەرگیز دەسەڵاتی نادیموکراتی ناتوانێ دەستورێکی دیموکراتی بێنێتە ئەفراندن، بەو پێیەش دەبێتە تابوتێك بۆ جەستەی خۆی. لەلایەکی تریشەوە بۆیە ناتوانێ چونکە نەدارایە بەو هۆکارانەی کە دەستورێکی دیموکراتی پێجودا دەبێتەوە لە یەکێکی تر، بۆ نمونە "ئەو دەستورە دەبێ لەلایەن پەرلەمانێك کە خەڵك ئەندامانی دیاری دەکەن بە

ئارەزووەمەندی خۆیان و بەبێ چەواشەکاری هەڵیاندەبژێرن، لەلایەکی تریشەوە ئەو دەستورە دەبێ لەسەر بنەما دیموکراتیەتەکان بنیات نرابێ‌و عیبرەتیش لە جێ‌بەجێ کردنیاندایە نەك لە نوسینەوەیان" (محمد عابد الجابري وآخرون، 2000، ص42 ).

دیارە دانانی ئەو دەستورە دیمکراتیەتە کۆتا بە دووبەرەکی و جوداخوازی ناهێنێ ئەوەندەی کە ئەو کێشەیە لە بازنەیەکی توندوتیژیەوە دەباتە بازنەیەکی ئاشتیانەو دیمکراتیانە بەوەی کە کێشەکان دەبێ بەڕێگەچارەی سیاسی یەکلایی بکرێنەوەو یاساش سەروەر بێت. کاتێکیش کە دەڵێین بەرجەستە بوونی واقعی دیموکراتی مانای دروستبوونی واقعێکی دژە تیرۆرو توندوتیژییە، بەوەی کە تێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بیانووی بەکارهێنانی توندوتیژیان نامێنێ. ئەمەش ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە دیموکراتییەت پێشبڕکێ‌و ململانێ و دووبەرەکی و دژواری تێدا نییە.

هەموو ئەو دیاردانەی کە لە واقعی دیموکراتیشدا کەم تا زۆر هەن و ڕەتمان نەکردنەوە وا پێویستە ئەو دژوارانە لە ڕێگەی دەستورەوە قەتماغە بکرێن و سنوری ئاشتیانەی خۆیان نەبەزێنن. ئا لێرەوە وا گەرەکە کە ململانێ دەستنیشان و سنوردار بکرێ، ئەمەش دەکەوێتە سەر ماهیەتی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە جڵەوی کاری بەدەستە و مەبەستییەتی ئەو هەنگاوە بنرێ، بەوەی ئەگەر سنورو سەقفی ململانێ دیاری نەکرا ئەوا زۆر بەسادەو سانایی توندوتیژی بەکارهێنان بەمەحاڵ سەیر ناکرێ‌و لە پارسەنگیشدا مەحەك بۆ هێزو بازووە، خۆ لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان بۆ دیار دەبێ کە دەسەڵات و ململانێ سەقفی نەبوو ئەوا فاکتەرە دەرەکییەکان زۆر بە ئاسانی و بگرە هەندێ جار لەسەر بانگهێشتی هێزەکانی ناوخۆ بەدەسەڵاتیشەوە دەتوانێ بوونی هەبێ و ببێتە لایەنێك لە ململانێکە، کە ئەو دەم ڕای جەماوەر و هیواو ئاواتەکانی پشت گوێ دەخرێن، ئەمەش گەورەترین بەڵایە بۆ کۆمەڵگا دواکەوتوەکان کە خراپترین دیاردە لەو شێوازە بکەوێتەوە سەرهەڵّدانی فیتنەی ناوخۆو شەڕی خۆکوژی و دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆ چەند تێزو توێژێك کە دواتر دەبنە خاوەن هێزی سەربەخۆو دواتریش لە شێوەی ڕێکخستندا خۆیان دەبیننەوە کە لە بەرەنجامدا سارێژ بوون و یەکلایی بوونەوەی کێشەکان سادە نابێت و هەمیشە فاکتەری دەرەکی ئامادەباشی دەبێ و دەبێ حیسابی تایبەتیشی بۆ بکرێ. بگرە هەندێ‌جار فاکتەرە دەرەکییەکە دەبێ حیسابی زیاتر بۆ بکرێ بە بەراوورد لەگەڵ ویستی جەماوەر و پرسی نەتەوەیی و نیشتمانی.

### 2. 3. پێشدەستی دەسەڵات

وەك پێشتر باسمان لەوە کرد کە دەسەڵاتی سیاسی دەزگای دەزگاکانەو دەبێ خاوەن هێزو تواناو رێکخستن و یاسایی بێت و هەڵگری هیواو ئاواتەکانی کۆمەڵگا بێت. هەرگیز خۆی لە ململانێدا نەبینێتەوە لەگەڵ کۆمەڵگاو هەوڵی بە دیمکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو دەسەڵات و دەزگاکانی بدات. هەر بۆیە بەرپرسیارێتی یەکەم و گەورە دەکەوێتە سەرشانی دەسەڵاتی سیاسی کەلە خەمی بنەبڕکردنی هەموو ئەو دیاردانەدا بێ کە دۆزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و...هتد تێك دەدەن و ئاسایشی ووڵات دەخەنە لەرزەوەو دەبێ پێشدەستی بکات و پرۆسەو بەرنامەی تایبەتی هەبێت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی تەنها بە پلەی یەکەم خۆی دەتوانێ قەتماغەی توندوتیژی بدات و نەهێڵێت بیخولقێنێ. خۆ لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە دەسەڵات خۆی لایەن بێت لە خولقاندنی توندوتیژیدا لەناو کۆمەڵگا.

### 2. 4. دەستگرتن بە بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە

زۆرن ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی کە دەبنە مایەی خۆشحاڵی میللەتان و هۆکارێك بۆ بەرەو پێش چوونیان، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە بەها کۆمەڵایەتییەکان هەموویان بێخەوشبن، بەڵکو چەندان بەها هەیە لە کۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و کارلێکە لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی دەرەوەی بازنەی کۆمەڵگا، کە ئەمەش مایەی پێداچوونەوەو گۆڕین و چاکسازییە، چونکە دوور نییە زۆرێك لەوانە نە پەیوەندی بە سۆزی نەتەوەیی و ئایینی و نیشتمانییەوە هەبێت.
دەستگرتن بە بەها کۆمەڵایەتییەکانەوەو بیناکردنی واقع و دەسەڵاتی سیاسی دیموکراتیانە دەبێتە مایەی هاوتەریب بوونی واقعی بەهایی و ئاکاری کۆمەڵگاو ڕەنگدانەوەی لە دەستورو دەسەڵاتی سیاسیدا. خۆ ئەگەر هەر پێچەوانەیەك هەبوو دژوار بوو لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا ئەوا بەردەوام کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی لە خۆخولانەوەو توندوتیژی بەرابەری قوتاریان نابێت و هەریەکەیان هەوڵی سەپاندنی بەهای خۆی دەدات بەسەر ئەوی تردا.
ئەمە گرفتێکی گەورەیە لە دنیای دواکەوتووداو لە ئارادایە، چونکە دەسەڵاتی سیاسی ئەوەندەی فاکتەری دەرەکی ڕۆڵی هەبووە لەبەرجەستە بوون و دەستکەوتەکانی ئەوەندە بوار بە گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵگا نەدراوە تا لە دەسەڵاتی سیاسیدا ڕەنگ بداتەوە. لەلایەکی تریشەوە دیاردەی دەسەڵاتی

سیاسی لەم دونیا دواکەوتووەدا لەسەر ئەو بنەمایەی پێشوو کە باسمان لێوە کرد دروست نەبووەو بگرە لە زۆربەی وڵاتانی ئەم دونیایەدا دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی پێش دروستبوونی کۆمەڵگا کەوتووە.

دەستگرتن بەو بەهاو ئاکارە ڕۆشنانەی ناو کۆمەڵگا مایەی تەبایی و پێشکەوتن و بڕیاردانی سیاسیش لەسەر ئەو پێودانگەوە دروست دەبێ‌و دەسەڵاتی سیاسیش شەرعیەتی لە دەست نادات. گەرچی تا ئێستاش جەدەلی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا یەکلایی نەکراوەتەوەو نەبۆتەوە بەوەی کە دەبێ کۆمەڵگا لەسەر کام بنەما پێش بکەوێ.

ململانێکردن لەگەڵ بەها چەسپیوەکانی کۆمەڵگا کارێکی ئاسان نییە، تایبەت ئەگەر بە پێچەوانەوە ئەو پرۆسەیە بخرێتەگەڕ، چونکە ئەو گۆڕانکارییانە نەوعین و ئاسان نایەن بەدەستی دەسەڵاتەوەو زەمەنێکی زۆریان دەوێت، تایبەتتریش ئەگەر بەهای نوێ لە میانەی بڕیارو ئیجرائاتی ئیدارییەوە هەوڵی چەسپاندنی بدرێ. لەلایەکی تریشەوە "هیچ توێژەرێك ناتوانێت توێژینەوەکانی خۆی لە بەهاکانی کۆمەڵگا دابڕنێ‌و تا ئێستاش هۆکارێکی ئەوتۆ پەیدا نەبووە کە بتوانێ لە ساتی توێژینەوە دەربارەی دیاردەی دەسەڵات و شێوازی حوکم بەدوور لە بەهاکان ئەنجام بدرێ" ( أوستن جوزيف رني، 1966، ص444 )، بەتایبەت توێژینەوە لەسەر سستمی دیموکراتی. هەر وەك چۆن خودی زانستی ڕامیاریش دوای چەندان هەنگاوو کۆشش نەیتوانی لە بەهاکان خۆی قوتار بکات و پێناسەی دەسەڵاتێکی سیاسی دیموکراتی بەدەر لە هەڵسەنگاندنی بەهاکان بخاتەڕوو. بەڵام لە دونیای دواکەوتوودا هەر یەك لە دەسەڵات و کۆمەڵگا هەڵگری بەهایەکن و تەواوکاری یەکتری و یەکئاڕاستە نین بەڵکو دژوارو لە حاڵەتی ململانێ لەگەڵ یەکتریدان، کە ئەمیش خراپترین جۆری ململانێیە کە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگادا پەیدا ببێ. بەرەنجامەکەشی بەکارهێنانی توندوتیژییەکی بەامبەرییە.

### 2. 5. بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی

تەنها بەس نییە بەگرنگیدان بە دۆزی ئافرەت و بەرەوپێش چوونی و چاکسازی لەبواری ئابوری و سیاسەت، بەڵکو بۆ ئەوەی هەرچی زوتر هەیە ئەو قۆناغە تێپەڕێت و توندوتیژی نەکەوێتەوە، پێویستە بە پلەی یەکەم دەسەڵاتی سیاسی هەستێ بە پتەوکردن و گرنگی بدات بە کۆمەڵگای مەدەنی کە بە سەرەداوی گەێنەری نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا دەژمێردرێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگە و دەبێ بەرچاو بگیرێ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و رێکخراوە مەدەنییەکانەوە، ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی دەست وەرنەداتە ناویان و نەیانکاتە ئۆرگانێکی رێکخستن و پاڵپشت و زیاتر پەیداکردنی جەماوەرو گرنگی پێدانیان بەیەك چاوو دادپەروەرانە کۆمەکیان بکات و بەرنامەیەکی رۆشن بۆ کار کردنیان هەبێت جێگەی هەموو لایەکی تێدا ببێتەوە. ئەوەشی دەکەوێتە سەر رێکخراوەکان ئەوەیە کە بە بەرنامەیەکەوە کار بکەن کە ماهیەتی کۆمەڵگای تێدا بەرجەستە بێ و سەربەخۆیی خۆیان وبێلایەنیان بپارێزن و خۆیان لەکاری سیاسی و حیزبایەتی بەدوور بگرن و واقعی کۆمەڵگا بەرچاو بخەن نەك جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی تر کە لەگەڵ بەهاو ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵگادا یەك نەگرێتەوە، چونکە یەکێ لەو شکستەی کە دووچاری رێکخراوە مەدەنییەکان هاتووە لەناو کۆمەڵگادا هاوتەریب نەبوون لەگەڵ واقعی کۆمەڵگاو سەربەخۆیی لە دەستدان و گومانی جەماوەر لە ماهیەتیان.

### 2. 6. بازرگانی توندوتیژی

ئەو دەم دەبێتە بازرگانی و دەسەڵاتی سیاسی پەنا دەباتەبەر هاووردە (إستیراد)ی توندوتیژی کە پێگەی لەبەرامبەر لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگاو تێزە جوداکان لەق بووبێ و بۆ بۆڕدانی نەیارانی چەندان هاوکێشەی سیاسی دێنێتە ناوەوە تا بەرامبەرەکانی تووشی نەهامەتی و تەفروتونا بکات، ئەگەرچی لەسەر بەها نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانیش بێت و بەیەکێ لە هەڵە ستراتیژییەکانیش بدرێتە قەڵەم و دواتر بەزەرورەتی قۆناغ پینەبکرێ. هەر بۆیە شڵەقاندنی کۆمەڵگا بەرەو توندوتیژی بە زەرەری کۆمەڵگاو دەسەڵات تەواو دەبێ، بەڵام بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسییەوە.

### 2. 7. بەوەزعیبوونی دەسەڵات

مەبەست پێی دەبێ دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگدانەوەی واقیع بێ، هەڵوێستە سیاسییەکان لەو بارەوە هەڵقولاو بن، نەك بەسەر کەژاوەی مێژووو خەباتی دێریندا پیاهەڵبڵێ و هەزاران پەیمانیش بدا بۆ ئایندە، دەشێ ئەم هاوکێشەیە بۆ چەواشەکردنی کۆمەڵگا بێت و دوورخستنەوەیانە لە هەڵسەنگاندن و پرسیارەکانی ناوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوری و رۆشنبیری...هتد لەمەڕ دەسەڵاتی سیاسی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەوەی کێ زەمانەتی دووبارە بوونەوەی ئەو نەبەردیانە دەکات و ئەو پەیمانە ئایندەییانەش مسۆگەر دەبن. هەر بۆیە بە وەزعیبوونی دەسەتی سیاسی لە پاڵ ستراتیژیەتدا کارێکی پێویستەو نیشانەی خۆ دوورە پەرێز نەگرتنە لە لێپرسینەوەی کۆمەڵگا لە دەسەڵاتەکەی.
وەزعیەت وەك خەصڵەت دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری سیاسەت بەوەی کە باس لە "دەبێ دەسەڵات هەنووکە چۆن بێ نەك دەبێ لە ئایندەدا چۆن بێت"، چونکە گەندەڵترین دەسەڵات ئەوەیە کە هەنووکەی بریتییە لە دۆگماو، ژیانە لەسەر شکۆی ڕابردوو، و ئایندەش بە واقعێکی إفترازی دەمێنێتەوە، دوور لەوەی کاری بۆ بکرێ.

### 2. 8. دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو دەسەڵات

پێچەوانەی دیمکراتیەت ستەم و تاکرەوی و توندوتیژییە، هەر کۆمەڵگایەکیش دیموکراتیەت بەمانا راستەقینەکەی تێیدا بەرجەستە نەبوو ئەوا سەروەری بۆ تاکڕەوی و توندوتیژییەو تەنها یەکڕابوونی هەیەو دەتوانێ بێتە گۆ، ئەویش پیاوانی تەلارو سەربە تەلارو لایەنگرانیانن.
دیموکراتیەت پێش ئەوەی وەك چەمك و دیاردە لە کۆمەڵگادا وەك بەهایەك بەرجەستە نەبێ، زۆر زەحمەتە دواتر بە ڕێوشوێنی ئیداری بکرێو بە یاسا هەنگاوەکان دابەزێ، چونکە "دیموکراتیەت پێش ئەوەی لە قەپاغی دەسەڵاتدا خۆی بدۆزێتەوە ڕۆشنبیری و هۆشیارییە" (محمد الرميحي، 1999، ص5-7 ).
لە بنەماکانی سستمی دیموکراتی بە پێکەوەژیانی گونجانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، توانەوەی جیاوازییەکانی نێوان چین و توێژەکان و بەرقەرار بوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، گەشەکردنی هاوسەنگ و بەردەوام، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، بە یاسابوونی دەوڵەت، یەکسانی بۆ هەمووان، ئازادی ڕادەربرین، دانان بە جیاوازی و قبوڵکردنی ڕای بەرامبەر، بە ڕێکخراوەییکردنی دەسەڵات ...هتد (د. عمر يوسف الطيب، 2004، ص192 ).
ئەوەی گرنگە لەو بنەمایانە ئەوەیە کە سستمی دیموکراتی بەرجەستەبوونی لە واقعی کۆمەڵایەتیدا زۆر گرنگترە وەك لە دەسەڵاتدا، دەبێ ئەو بنەمایانە زۆربەیان ببنە بەهای باڵاو لە کۆمەڵگادا ڕەنگ بدەنەوە، ئەمەش وادەیەکی باشی دەوێ لە زەمەن و حەوصەڵەیەکی بێ شومارو بەرنامەیەکی

ستراتیژی و تایبەتی گەرەکە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە تا قۆناغبەندییەکە ئاشتیانە بگوزەرێ و هیچ جۆرە توندوتیژییەکی لیٚنەکەوێتەوە.

بەڵام هەندێ جار خودی دیموکراتیەت گەر بەو شێوەیەدا گوزەر ناکا بەناو کۆمەڵگەدا، نەك هەر توندو تیژی سیاسی لێدەکەوێتەوە بەڵکو دوور نییە دابەزێ بۆ توندوتیژی کۆمەڵایەتی و، ببێتە هۆی پەرت بوونی کۆمەڵگا. هەر بۆیە دوو ئافەت لە پراکتیزە کردنی دیموکراتیەتدا بەدەردەکەون و لە کاردانەوەشدا توندوتیژی لیٚدەکەوێتەوە، ئەوانیش: مەترسی بەدەرکەوتنی دیموکراتیەت وەك ئایدیۆلۆژیایەك بۆ خزمەتی بەهێزەکان و، دووەمیش قۆستنەوەی دیموکراتیەت بۆ خزمەتی دەسەڵاتی تاکڕەوو توندوتیژ (آلان تورین، 2001، ص8 ) گەر مۆڵەتی ڕای بەرامبەریش بدات هەرگیز ناهێڵێ هیچی لەسەری بینابکرێ و بگرە زیاتر شەرعیەت دانە بە دەسەڵاتەکەی خۆی و چەق کردنەوەی دەسەڵات تیایدا. کە ئەمەش ئافەتێکی کوشندەیە لە دونیای دواکەوتوودا کە بە هیچ شێوەیەك بوار بە گۆڕانکاری نادات لە دەسەڵاتدا.

گومانیش لەوەدا نییە هەر دیموکراتیەتێك لە ڕوانگەی جەدەل و مەنتیقەوە بەرجەستە نەبوو ئەگەری بەکارهێنانی توندتیژی تێدا مەحاڵ نییە، چونکە جەدەل و مەنتیق دەتوانێ بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دروست بکات، و بیانکات بە واقعی حاڵ لە کۆمەڵگادا. بەڵام ئەوەی کە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا باوە دیموکراتیەتی ئاڕاستەکراوە، کە بریتییە لەوەی کە فەرمانڕەوا دەیخوازێ.

ئەوەی کە زۆر بە گرنگ سەرنج ئەدرێ لە پراکتیزەکردنی دیموکراتیەتدا فاکتەری زەمەنە کە پێویستی بە سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی درێژخایەن هەیە، ئەو سەقامگیریەش پێویستی بە دەوڵەتێکی بەهێزو یاسایی هەیە تا لەناو هەناویدا دیموکراتیەت بێتە ئاراوە. هەر بۆیە جەدەلیەتی دیموکراتیەت و توندوتیژی لەو ڕەهەندەوە سارێژ دەبیٚو یەکلایی دەبێتەوە کە هەر دوو کێشەی بە هاوڵاتی بوون و سەربەخۆیی دەسەڵاتەکان و ئینتمای سیاسیو ڕەفتاری هەڵبژاردن مانای ڕاستەقینەی خۆیان بۆ بگێڕێتەوە.

جەدەل و مەنتیق لە پێودانگی جەنگێکی فیکری و سیاسیدا چارەنووسی دیموکراتیەت یەکلایی دەبێتەوە، نەك بە توندوتیژی، و بەردەوامیش دەبێت و وەك بەهایەکیش سەقامگیر دەبێ. بەڵام

چەسپاندنی دیموکراتیەت لە میانەی ئیجرائاتی ئیداری و چەند بڕیارێکی سیاسییەوە ئاشوب و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.

## 3. پرۆسەی گەمارۆدانی توندوتیژی سیاسی لە کوردستان لە نیوان جەدەلیەتی ئەمنی و دیموکراتیەتدا

جێی خۆشحاڵییە لە کوردستان بە پێچەوانەی هەندێ دەوڵەتانی دراوسێو ناوچەکەو زۆربەی ناوچەکانی عێراق تا ئێستا تیرۆر نەیتوانیوە هیچ زەمینەیەکی پتەوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری تێدا سەرهەڵبداو چنگی نەکەوتووە. بەڵام بۆ زیاتر مەحکەم کردنی ماڵی کوردی وای بەباش دەزانین لەو چەند تەوەرەدا ئەو پرۆسەیە ڕاڤە بکەین.

### 3. 1. لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسی

بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین:

#### 3. 1. 1. یەکگرتنەوەی تەواوی هەردوو ئیدارەکە

جێی دڵخۆشی بوو کە پێش چەند ساڵێک هەردوو پارتی سیاسی دەسەڵاتدار لە کوردستان توانیان قوربانی بە هەندێ لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی حزبی بدەن لە پێناو بەدیهێنانی ستراتیژیەتی کوردو هێنانە دی ئامانجەکانی. چونکە ئەوەی پێویستە ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ بدەین کە ئێمە لەم تەوەرەدا باسی لێوەدەکەین، ئەوەیە کە پێشتر توندوتیژییە سیاسییەکە ئاڕاستەکراو بوو بۆ ماڵی کوردو پەرت بوونی هەرێمەکەی، بەو ئاستەی کە هەردوولا ستونیش کاریان بۆ ئەو دابەشبوونە کردو دوو حکومەتی کوردی دروست بوو. جا وا پێویستە هەردوو ئیدارەکە بە زووترین کات بەتەواوی یەکبگرن و لە هەردوو دێوەزمەی پەنجا بە پەنجاو دوو هەرێمی و دوو حکومەتی قوتار بین. چونکە کاردانەوەیەکی زۆر ئیجابیانەی دەبێت لەسەر گەمارۆدانی تیرۆر لە کوردستان. ئەم دەستەواژەیەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ گەر لە نزیکەوە سەرنجی هاوکیشە سیاسیەکان بدەیت تەنانەت چارەنوسسازترینیان ئەو دوو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوتارییە زۆر بە ئاشکرا بەدیدەکرێ و وا هەستدەکرێ کە تەنها بەرژەوەندیەکان لایەنە سەرەکیەکانی کوردستانی کۆکردۆتەوە نەک پرسە ستراتیژیەکەی هەرێمی کوردستان.

### 3. 1. 2. چاوخشاندنەوە بە نەزعەی شۆڕشگێڕی

ئەمە کارێکی پێویستە بۆ دەسەڵاتی سیاسی، چونکە ئێستا دەسەڵاتی کوردی قۆناغی شۆڕشگێڕی تێپەڕاندووەو چووەتە قۆناغێکی ترەوە کە جیاوازی زۆری هەیە لە نێوانیاندا، هەرچەندە تا ئیستاش گەلی کورد پرسی نەتەوایەتی و مافەکانی یەکلایی نەبۆتەوە. لەبەرامبەردا پێویستە دەسەلاتی سیاسی لەبەرامبەردا رێکخراوەیی و دەستەجەمی و یەکرابوون لەیەکەیەکی سیاسی یاسایی نەتەوەییدا وێنا بکات و ستراتیژیەتی باڵای کورد دیاری بکرێت و ڕێگەش نەدرێت هیچ لایەنێك ئەو سنورە ببەزێنێ. چونکە هەڵسوکەوت کردن بەو نەزعە شۆڕشگێڕیەوە زۆر جار توندوتیژی لێدەکەوێتەوەو قبوڵکردنی ڕای بەرامبەریش کارێکی ئاسایی نییە. هەر چەند باس باسی نەبەردییەکان دەبێت و خۆ قوتار کردنیش لە واقیع دەبێتە فەلسەفەو چەندان پاساوی بریقەداری بۆ دەهێنرێتەوەو ئایندەش بەبێ کارکردن بۆی بە إفترازی دەمێنێتەوە، لە ئەنجامیشدا خولانەوە لە نێو بازنەیەکی داخراودا دەبێتە لێڵکردنی چارەنووسی گەل. هەرچەندە نەزعەی شۆڕشگێڕی خۆی لە خۆیدا لە قۆناغی حکومەتداریدا مایەی دژواری و پێچەوانەیە لەگەڵ واقی پرۆسەی بە دیمکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی. چونکە تەنها لە دۆزی دیموکراتییەتدا تیرۆر شەرعیەت و بیانوو و پاساوی نامێنێ، دەنا بە پێچەوانەوە نەك هەر شەرعییەت پەیدا دەکات، بەڵکو بە فعلیش خۆی وا دەردەخا کە نوێنەری توێژێك یان زۆرێکە لە جەماوەر.

### 3. 1. 3. بە ڕێکخراوەییکردنی دەسەڵاتی سیاسی

کەمکردنەوەی نفوزو فشاری هەردوو مەکتەبی سیاسی دوو پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکە لەسەر پەرلەمان و بەکاراکردنی ڕێکخراوو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، چونکە پەرلەمان تاکە ڕایەڵی واقعی نێوان لایەنەکانە کە لەمیانەیەوە سەنگی ڕاستەقینەی لایەنە سیاسیەکان بەدەردەخات و ماهیەتی هێز لەو نێوەندەدا لاواز دەبێ، هەر لەو میانەشەوە دەتوانین بەرەنگاری ڕاستەقینەی گەندەڵی ببینەوە، هەر چەند مینبەرێکی یاسایی و سیاسی گەلە کە ڕوخساری یەکڕیزیمان دەنەخشێنێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3. 1. 4. جیاکردنەوەی ئیدارە لە دەسەڵاتی سیاسی

بۆ ئەوەی بەرەنگاربوونەوەو گەمارۆدانی توندوتیژی و تیرۆر یەك مانا هەڵگرێو لای هیچ لایەنێکیش ڕاڤەیەکی تری بۆ نەکرێو کەسیش دووچاری حیرمان و إحباط نەبێو خۆی بەبەشخوراو نەزانێو ئیدارەش لەکەناڵێکی کارگوزارییەوە نەچێتە قاڵبی کەناڵێکی ڕێکخستنی حیزبی و هۆکارێك بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسیانەو ئەمنیانەی کۆمەڵگا لە جیات پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، پێویستە ئیدارە سەربەخۆ بێت و تەنها پێوەر تیایدا دڵسۆزی و بەهرەمەندی و کارایی بێت.

### 3. 1. 5. کارلێك لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی

دوای بەکاراکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و قوتاربوون لە حکومەتە بێ پەرلەمانەکان و دروستکردنی حکومتێکی نیشتمانی بۆ پەرلەمانە بێ حکومەتەکەمان، وا پێویستە دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەوخۆ لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و هیواکانی و گۆڕانکارییەکاندا کارلێك بکات نەك لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕێکخستنەوە.

### 3. 1. 6. نەچوونە ناو هاوکێشە ئیقلیمییەکان

دەسەڵاتی سیاسی کوردی زۆر لەوە گەورە ترە تا پەلکێشی هەندێ هاوکێشەی ئیقلیمی بکرێت کە دوور نییە کاردانەوەی نێگەتیڤیانە لەسەر واقعی سیاسی کوردی دروست بکات، بەڵکو دەبێو وا باشترە پابەندبێ بەو بەرنامە نەتەوەییە ستراتیژییەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دادەنرێ و نابێ هەندێ گرفتی ساتی و تێپەڕیووی دەسەڵاتی سیاسی کوردی لەبەرنامە بخات و تەنها هەڵوێست لەو دۆزە هەنووکەییە بگرێ. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ هیچ حیسابێك بۆ هاوکێشە ئیقلیمییەکان نەکرێو دوورە پەرێز بوەستێ، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەر ڕەفتارو هەڵوێستێك لەبەرامبەردا دەبێ لەسەر بنەمای پێوەری بەرژەوەندی کورد بێت.

### 3. 1. 7. سەروەری یاسا

هەر کۆمەڵگایەك یاسا سەروەر بوو تیایدا، بەو مەرجەی یاساکە ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتی بوو ئەوا ماف و کارەکان باش دەچن بەڕێوە، هەر بۆیە یاسا پێویستی بە دەزگایەك هەیە لە دەسەڵاتی سیاسیدا تا چاودێر بێت بەسەر ڕەوشی جێبەجێکردنییەوە، یاساش بۆ دیاریکردنی ماف و ئەرکەکان و دیاریکردنی پەیوەندییەکانە، نەك بۆ گەمارۆدانی بەرامبەر، یاخود نەیارانی دەسەڵاتی سیاسی. لەومیانەوە ئەوەی شایانی باسە ئاماژەی پێ بدرێ ئەوەیە کە نابێ ئەمنی جینائی بگۆڕدرێ بە ئەمنی سیاسی.

### 3. 1. 8. پاراستنی زەبتی کۆمەڵایەتی "الحفاظ على الضبط الإجتماعی"

زەبتی کۆمەڵایەتی ئەو توانایەیە کە تاکەکانی کۆمەڵ لە ناخیاندا وێنای دەکەن لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین و، پابەند دەبن بە ڕێنماییەکانەوە، لە هۆکارەکانی زەبتی کۆمەڵایەتی وەك بە زۆرەملێ یان بە قەناعەت پێکردن، ئەمەش لە کۆمەڵگایەکەوە تا یەکێکی تر جیاوازە. کە ئەویش بەرهەمی کارلێکردنی نێوان تاکەکان و سستمە کۆمەڵایەتییەکانە.

ئەم واقعە لە کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایەو بۆتە مایەی سەقامگیری کۆمەڵگای کوردی بەهۆی بوونی زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەسەر یەك باوەڕ و یەك مەزهەب و یەك داب و نەریت و...هتد کە ئەمیش لە سیاسەتدا بە "الشعوب المتماسكة" ناو دەبرێن و تەبایی و یەکێتی تیایاندا دەبێ لە ئاستێکی بەرزدا بێت. چونکە خاڵی جیاواز لە نێوان چین و توێژەکانیدا سەرەکی نین و لەسەر ئاستی بەرزو قوڵدا نین. کەبووەتە هۆی دروستی بوونی تەباییبونێکی کۆمەڵایەتی کە دواتر دەبێتە پاڵپشتی هەرە گەورەو سەرەکی بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و گەمارۆدانی هەر ڕەفتارێك کە بەرەو توندوتیژی و تیرۆر بچێت. وا پێویستیش دەکات دیموکراتیەت لەسەر ئەو بناغە کۆمەڵایەتییە هەڵبچنرێ، چونکە دیموکراتیەت پەیڕەوی دەسەڵاتە نەك باوەڕ "العقيدة".

پێشتر باسمان لە چۆنیەتی دەستگرتن بوو بە بەها باڵا کۆمەڵایەتیەکانەوە، کە چەند ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەکەم کردنەوەی دژوارییەکانی نێوان کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسی، بە شێوەیەك جەماوەر وا هەست بکات دەسەڵاتێکی سیاسی هەیە لە ئاستی پێویستدایە. ئەگەر ئەو هەستە لەناو خەڵکدا هەبوو ئەوا ئەستەمە تیرۆر لایەنگرێکی ئەوتۆی چنگکەوێ تا کاری خۆی ئەنجام بدات. هەر بۆیە

مەحرومکردنی تیرۆریستان لە شەعبیەت بە دیموکراتیەت و دادپەروەری دەبێت، دەنا بە پێچەوانەوە دەبنە گورزێکی کوشندەو ئاسایشی کۆمەڵگاش دەشێوێنێ و لێرەو لەوێش لایەنگرو کۆمەکیان دەبێت.

### 3. 2. دیموکراتیزەکردنی کاری سیاسی

بۆ ئەو پرۆسە وا باشە دوای یەکخستنەوەی تەواوی هەردوو ئیدارەکە ( چونکە تا هەنوکەش ئەو گازەندەیە هەیە ) چەند هەنگاوێك بە جدی بنرێ، لەوانەش:

أ. یەکسانبوونی هەمووان لە ئازادی سیاسی و دەستە دروست کردن و ئینتیما بۆ کردنیان، لەسەر ئاستی پێشبڕکێیەکی سیاسیانەی یاسایی کە لە بەرژەوەندی گەلی کورد تەواو ببێت.

ب. دانانی دەستور بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت و ڕەنگدانەوەی واقعی بەهاو ئاکاری کۆمەڵگا بێت و ببێتە مەرجەع بۆ کاری سیاسی و سەقفی ململانێو سزادانی لادەران کە ئاسایشی کۆمەڵگەی کوردی دەخەنە مەترسییەوەو ڕای بەرامبەر قبوڵ ناکەن.

ج. لە دیاردەی إجماعەوە بۆ ڕای زۆرینە. چونکە بە ڕاستی بوونی مەبدەئی إجماع لەکاری سیاسیدا یانی مردنی ڕوحی پێشبڕکێی دیموکراتیانەو نەهێشتنی دەست پێشخەری، بەوەی ئەگەر لایەنەکان بەشێکی دیاریکراوی بێ ماندووبوونی چنگکەوت، هیچ پرۆژەو خزمەتگوزارییەك پێشکەش بە میللەت ناکات تا لە میانەیەوە بیناسنەوەو متمانەی پێ بدەن. لەلایەکی تریشەوە إجماع دەلالەتی نا تێگەیشتن و بێحەوصەڵەییە. هەر بۆیە بڕیاردان لە واقعی إجماعدا گەلێك زەحمەتەو گەیشتنە ئەنجامی قورس و، زۆر دەگمەنە هەمووان لەسەریەك حاڵ ڕاوەستن بەبێ موساوەمات.

بەڵام ئەوەی کە ڕوح دەکات بەبەر کۆمەڵگاداو پێشدەستی و پێشکەوتنی پێ دەبەخشێو بەرنامەی نوێو کارا دەخوڵقێنێ مەبدەئی زۆرینەو پێشبڕکێیە. بۆیە سەپاندنی مەبدەئی زۆرینەو پێشبڕکێ جەدەلێکی واقعیانەی لێدەکەوێتەوە بەوەی کە هەموو گروپەکان بە قەدەر جەماوەری خۆی دەستکەوتی چنگکەوتووە. بە پێچەوانەوە تا گروپەکە لە واقیعدا قەبارەی خۆی لە میانەی هەڵبژاردنێکی ئازادو بێخەوشەوە نەناسێ، دوور نییە لە پێبەخشین و ساتی دابەشکردنی کورسی دەسەڵات و دەستکەوتەکاندا ناڕازی بێ، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی.

هەر بۆیە ئەوەی کە زۆر گرنگە بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەوەیە لە ڕێگەی دیموکراتیزەکردنی کاری سیاسی و ئازادی جموجۆڵ و ڕادەربڕین، بیانووی بەکارهێنانی توندوتیژی نەدات بەدەست هیچ لایەنێکەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.3. لێپرسراوێتی ئەمنی

گومان لەوەدا نییە کە وەزیفەی سەرەکی و بنچینەیی دەسەڵاتی سیاسی دابینکردنی ئاسایشە بۆ هاووڵاتیان، ئەمەش جەدەلێکی وا ئاسان نییە بەوەی ئایا دەکرێ دەسەڵات تەنازول لە بەشێك لەو وەزیفەیە بکات بۆ لایەنێکی تر لەناو کۆمەڵگا، یان ئایا ئەرکی تەواو لەسەر دەسەڵاتەو کەس ناتوانێ کۆمەکی بکاو هەندێ لەو بارگرانییە بگرێتە ئەستۆ، وەیان ئایا تەنها دەسەڵات بەرپرسیارە یان کۆمەڵگەش ئەرکی دەکەوێتە سەر. هەر بۆیە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو لێپرسراوێتییە وا پێویست دەکات چەند خاڵێکی جەوهەری بیر بهێنینەوە:

أ. وا باشە ئەو واقعە ئەمنییەی کە دەخولڨێ لەسەر حیسابی ماف و ئازادییە گشتییەکان نەبێت دەنا کاریگەری نێگەتیڤیانەی لەسەر کۆمەڵگا زۆرترە وەك لە باشییەکانی.

ب. تەنها دەسەڵاتی سیاسی لێپرسراوێتی ناکەوێتە سەر، مەگەر خۆی ئەو بڕیارە بدات و لە خۆیدا قۆرخی بکات، ئەوە ئەرکی هەمووانەو دەبێ لێپرسراوێتییەکە تەواوکاری بێ و هەمووان تێیدا بەشدار بن، تایبەت لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگا. بەمەش دیاردەی ئەمن تەنها لە ئەمنی سیاسی و عەسکەریدا قۆرخ نابێ و دەبێتە ئەمنی کۆمەڵگەو ئاسایشی نەتەوایەتی.

ج. بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل و بەردەوام بۆ دیاردەی تیرۆرو تەواوی ئەو هۆکارانەی کە ڕێی بۆ خۆشدەکەن. شانبەشانی ئەو توێژینەوانە لەمەڕ تیرۆرو دابینکردنی ئاسایش دەبێ ڕێوشوێنی بەجێ بۆ ئەو مەبەستە بگیرێ، تایبەت بنچینەییەکان و نابێ زێدەڕەوی تێدا بکرێ، چونکە زێدەڕەوی زۆر لە إجرائاتی ئەمنی، هەندێجار ئەگەر لە وادەی خۆیدا نەبوو توندوتیژی دەخولڨێنێ و دوور نییە هەندێ لایەنی تیرۆریست وەك تەحەددایەك بۆ کەمکردنەوەی هەیبەتی حکومەت کار ئەنجام بدەن.

د. وا باشترە گرفتی تیرۆرو توندوتیژی نەخزێنرێتە بواری ئەمنییەوە بە تەنها، واتە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکرێت تەنها بەوەی گرفتێکی ئەمنییە، بەڵکو دەبێ سیاسیانە سەرنجی بدرێ و وەك حەڵەت حیسابی بۆ بکرێ و، لێکۆڵینەوەش لەسەر واقعی تیۆری توندوتیژ و تیرۆر بکرێت. چونکە ڕەفتارکردنی ئەمنیانە بۆ تیرۆر ئەو دیاردەیە بنەبڕ ناکات و بگرە هەندێجار زێتریشی دەکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ه. ڕەگەزەکانی نەهێشتنی تیرۆرو توندوتیژی هەمەلایەنەن، بەڵام لێرەدا توێژەر وای مەبەستە سەرنجی خوێنەر تەنها بۆ چوار ڕەگەزی سەرەکی بەرقەرارکردنی ئەمن بخاتەڕوو ئەوانیش: "لێکحاڵیبوون و دانوستانی بەردەوام، بە مانا بوونی دەسەڵاتی سیاسی، دیاریکردنی ماف و ئەرکەکان و دادپەروەری، گەشەکردن "التنمية" (منال إبراهيم حلمي، 2001، ص5 )، کە بە گرنگترین و سەرەکی ترین ڕەگەزی بەرقەرارکردنی ئاسایش دەژمێردرێ بەوەی کە لە میانەیەوە زۆرێك لەو کەلەبەرانە دەگیرێن کە تیرۆر لێوەی زەفەر بە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگا دێنێ.

لەلایەکی تریشەوە ئەوەی کە نەگۆڕە بۆ بەدی هێنانی ئەمنی کۆمەڵایەتی "ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ، دیموکراتیەت و ئاڵوگۆڕی دەسەلات، دەستور، پەرلەمان، دەسەڵاتی سیاسی کە ویستی گشتی تێدا بەرجەستە بوو بێ، پارتە سیاسییەکان وەك کەناڵێك بۆ تەعبیر و پێشبڕکێ"یە (د. محمد حسن العيدروس، 2000، ص501 ).

لەبەرئەوە لێپرسراوێتییەکە هەماهەنگییە لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵگاو دەسەڵاتی سیاسیداو دەبێ لە پێناو خزمەتی هەموویاندا بێ نەك بە تەنها دەسەڵاتی سیاسی.

**3. 4. ڕاگەیاندن و تەنشیئەی سیاسی**

بۆ ئەم مەبەستەش جەخت لەسەر چەند خاڵك دەکەینەوە:

أ. گرنگیدان بە ڕاگەیاندنی ئازاد لە جیات ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراوی سیاسی دەسەڵات.

ب. گفتوگۆی تیروتەسەلی ئازادانە لە بارەی کێشەو گرفتەکان و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا لە پێناو گەیشتنە چارەسەرو پێشنیار.

ج. پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنی جەماوەر لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی نەك لەسەر ئاستی حیزبی.

د. بەشدارکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بۆ تەنشیئە کردنی کۆمەڵگاو سوود وەرگرتن لە هەموو هۆکارو کەناڵەکان بۆ ئەو مەبەستە.

ه. بوونی بەرنامەیەکی دیاریکراو بە ئاگاداری هەموو ئەو لایەنانەی کە ئەتوانن ڕۆڵ بگێڕن لەو بارەیەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و. چاوخشاندنەوە بە نەزعەی شۆڕشگێڕی و بوونی حەماسەتی زۆر لە بۆنەکاندا کە دەبێتە هۆی هاندانی توندوتیژی و قبوڵنەکردنی بەرامبەر، تایبەت لە ساتی هەڵبژاردنەکاندا.

### 3. 5. یاسای تیرۆر

لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتی گفتوگۆو خۆ ئامادەکردنی زۆر کرا لە نێو هۆڵی پەرلەمان و پارتە سیاسییەکاندا سەبارەت بە داڕشتنی یاسایەك بۆ بەتاوان ناساندنی تیرۆر. لەو بارەیەوە، ئەوە بوو یاسای ژمارە ( 3 ) ( یاسای تیرۆر، 2006، https://www.mizanaladalah.com/wenekan_KS/01 ) ساڵی 2006 بەناونیشانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن ( تیرۆر ) لە هەرێمە کوردستان لە ڕۆژی 2006/4/3 پەسەندکرد. بەڵام خودی یاساکە چەند ئاماژەیەکی دەوێ کە دەکرێ وەک ئیشکالیەت سەرنجبدرێ و بواری باسکردنیان بەتەواوی نییە، ئەوانیش: ئایا داڕشتنی ئەو یاسایە پێداویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری ئەم قۆناغەی ئێستای کوردستانی دابینکردووە؟ یان وەك مۆدەیەکی سیاسی یاسایی جیهانی بەرجەستە دەکرێ و تەواوکەری ستراتیژیەت و هەڵوێستی نێودەوڵەتییە لەمەڕ کێشەیەک یان قەیرانێک؟ ئایا تەنها ڕەنگدانەوەی نا ئارامی وولاتانی ئیسلامی و خۆرهەلاتی ناوەڕاستە؟ ئایا لەسەر داوای زلهێزو فاکتەری دەرەکی ئەو یاسایە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە؟ ئایا داڕشتنی ئەو یاسایە بەجدی پێی مەبەست تیرۆرە یان بەتاوان ناساندن و لە قەبارەدانی هەندێ هێزی سیاسیش دەگرێتەوە؟ ئایا ئەو یاسایە تەنها ڕەنگدانەوەی پارت و ناوەندە سیاسیەکانە یان رأی ئەوانی تریش وەک سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەو گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆژنامەنوسان و پسپۆرانی هەمەجۆرو لە ڕاگەیاندنیشدا ئەو هەلە ڕەخسێنراوە بۆ ڕا جیاوازەکان تا لە ڕوانگەی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردەوە گفتوگۆو پێشنیار بکەن؟ بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژانی 1-2006/2/3 کۆنفرانسێک بۆ ئەو مەبەستە بۆ دەستەبژێرانی هەرێمی کوردستان لە هۆتێل خانزاد لە شاری هەولێر سازدراو دواتر لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا. دواتر وەک تێڕامان دەبێ ئەو ئیشکالیەتە بڵێین کە ئایا داڕشتنی ئەو یاسایە بە ئیجابی کەوتەوە لەسەر واقعی کۆمەڵگای کوردی یان دەیخاتە ژێر هەڕەشەو بارگرانیشی دەکات؟

ئایا داڕشتنی ئەو یاسایەبووە مایەی دابینکردنی ئەمنی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا، یاخود تەنها ئەمنی دەسەڵاتی سیاسی تیایدا مەبەستە؟ ئەمانەو چەندان پرسیاری تر. بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تاچەند دەرکردنی ئەم یاسایە بۆتە مایەی دانانی سنورێک بۆ توندوتیژی و تۆقاندن و دەسەڵاتیش لە میانەیەوە بە ئەرکی خۆی هەستاوەو زیاتر بەمانای کردووە.

### 3.6. ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان و تیرۆر

ئاشکرایە لە کوردستان ئازادی دروستکردنی گروپی سیاسی و ڕێکخراوەیی و مەدەنی تا ڕاددەیەکی باش بەرقەرارە، لەو لایەنە سیاسیانەش هەندێ حیزبی سیاسین کە کاری یاسایی دەکەن و هەندێکی تریشیان بە نارەسمی ناسراون. ئەوانەی کە کاری سیاسی ئاشتیانەیان گرتۆتەبەر هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ پارتە عەلمانییەکاندا نییە سەبارەت بە توندوتیژی و تۆقاندن تەنها ئەگەر ئەوەی کە بەکاری تیرۆر هەڵدەستێ گروپێکی ئیسلامیش بێت، ڕیسوای دەکەن و بەکارێکی نامرۆڤانەو نا ئیسلامیانەی ڕادەگەیەنن زۆر بە ڕاشکاوی. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە تۆقاندن تەنها ئەم ڕەوتە لەو نێوەندەدا لەبەرباس بێ، بەڵکو بەدڵنیاییەوە لەوانەیە پارتی سیاسی عەلمانی هەبێت کە برەو بە تۆقاندن و توندوتیژی بدات، بەڵام ئەوەی ئیجابیشە لەو میانەوە ئەوەیە کە ئەو تێزەیان ( ڕەوتی ئیسلامی ) برەوی زیاترەو، بەهۆی ئەو کلتورە کۆمەڵایەتییە نەتەوەییە سیاسییە ئیسلامییەی کە هەڵیگرتووە توانیویەتی لای خۆیەوە گەمارۆی ئەو تیرۆرە ئیسلامییە بدات لە ڕووی فیکرییەوە، پێش ئەوەی دەسەڵات هەنگاو بنێ. بۆ بەتاوانکردنی ئەو کارەو بەیاساکردنی. بەڵام وا باشترە لەو بارەیەوە چەند تێبینییەك بخەینەڕوو:

أ. زیادکردنی ئەو کەناڵە ئیسلامییانەی کە ڕۆڵی پەروەردەیی ڕاستەقینەی ئیسلامی دەکەن و بە ئەزموونن لە ژێر ڕۆشنایی یاساو ئاگاداری دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت و کۆمەکی کردنیان، تا تێزەکانی کۆمەڵگا پەنا بۆ هەندێ کەناڵی تری پەروەردەیی نەبەن بە نهێنی کە ئایندەیان دیار نەبێ (فهمي هويدي، 1994، ص76 ).

ب. بەشداری پێکردنیان لە چارەسەرکردنی هەندێ بیرو دیاردەی توندڕەوی.

ج. ئەم کارە "بەشداری کردنە" لە بنیاتنانی کۆمەڵگا قورسایی سەر شانی دەسەڵات کەمدەکاتەوەو بنیاتنانەکەش تەواوکەر دەرئاچێ.

د. پێویستە گروپە ئیسلامییەکان ئەوە بزانن کە پەنانەبردنە بەر توندوتیژی لە یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی ناو کۆمەڵگا کارێکی مەبدەئییە، نەك إختیاری ( د. عبدالحمید أحمد أبوسلیمان، 2002، ص80 ).

ە. دەبێ دەسەڵاتی سیاسی لەوە حاڵی ببێ کە تەییاری ئیسلامی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا بە گشتی بۆتە ئەمری واقیع و دەبێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ. جا با بە جۆرێك بێت کە لە بەرژەوەندی جەماوەر بکەوێتەوە.

و. دەبێ پارتە ئیسلامییەکان ئەو حەقیقەتە بزانن کە ئەوان ئۆپۆزیسیۆنن و حوکم بە دەست غەیری ئەوانە، واتە با هەڵسوکەوتی سیاسیان وەك لایەنێکی نەیار بێ نەك خاوەن دەسەڵات، چارەسەریش تەنها لە کاری سیاسی دیموکراتیانەو یاساییانەو گێڕانەوەی متمانەی جەماوەرە بۆ لای خۆی، ئەویش سەنگی مەحەکە.

## بەرەنجــام

دەتوانین لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیەداو لە ئەنجامی ڕاڤەکردنی چەند چەمکێك لەمەڕ توندوتیژی و تۆقاندن ( تیرۆر ) و دەسەڵاتی سیاسی، چەند بەرەنجامێك بخەینەڕوو:

1. دەسەڵاتی سیاسی لێپرسراوێتی یەکەم و سەرەکی دەکەوێتە سەر بەرامبەر بە هیواکانی کۆمەڵگا، ئەویش ناتوانێ بە ئاکام بگات تا ڕێگەچارەی بەمانابوونی خۆی نەگرێتەبەر.
2. پێشدەستی دەسەڵاتی سیاسی بە کرداری ڕاستەقینە بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە، وەهەر ئەویشە کە دەتوانێ پێش لایەنەکانی تر گەمارۆی ئەو گرفتە بدات، و بەبێ کۆمەکی ئەویش بە ئاکام گەیشتنی پرۆسەکە مەحاڵە. گومانیش لەوەدا نییە کە مەبەستی پرۆسەکە ئەمنی کۆمەڵگایە نەك تەنها ئەمنی دەسەڵاتی سیاسی و هەڵسوڕاوانی.
3. گرنگیدان بە بەها کۆمەڵایەتییەکان وەك زەمینەیەکی پتەو لە پێناو سەوز نەبوون و سەرهەڵنەدانی هەر فکرێك و هەڵسوکەوتێکی ناوازە کە زەرەر لە کۆمەڵگا بدات، کە ئەمەش گەورەترین و بەهێزترین گورزە بە ڕووی توندوتیژی سیاسی و تیرۆردا.

4. گرنگیدان بە ڕاگەیاندن و کەناڵە هەمەجۆرەکانی پەروەردەو تەنشیئەی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی بەرنامەیەکی داڕێژراوی نیشتمانییەوە، کە دوور بێ لە ئاڕاستەکردنی تویژەیی و حیزبی و خێڵەکی و ناوچەگەرییەوە.
5. ئەم جۆرە کارە پێویستی بە دەستەجەمی هەیە، بۆیە هەروا پێویستە سەرجەم و زۆرینەی توێژو لایەنەکانی پەیوەندیداری کۆمەڵگا بەشداری تێدا بکەن، چونکە لێپرسراوێتییەکە هەمەلایەنەو گشتییە.
6. زەمینەسازدان بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زۆرو تێروتەسەل لەسەر دیاردەی توندوتیژی سیاسی و تیرۆر، تا لە ئەنجامدا دەرك بە قەبارەی ڕاستەقینەی مەترسییەکە بکرێو هۆکارەکانیشی دەست نیشان ببێ، چونکە پرۆسەی گەمارۆی تیرۆر کاری فیکرە پێش ئەوەی کاری دەزگاکانی ئاسایش و حکومەت بێت. هەر بۆیە تەنها ئیدانە کردن و بەرپەرچدانەوەی بەهێز بەس نییە.
7. دروستکردن و کردنەوەی چەندان سەنتەری لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بۆ زیاتر بەماناکردنی دەسەڵاتی سیاسی و بەرچاوڕوونی و خوێندنەوەی ئایندەی گەلی کورد لە میانەیانەوە.
8. گرنگیدانی زیاتر بە بەرجەستەکردنی ئازادییە گشتی و بنچینەییەکان و سەروەری یاساو برەودانی تایبەت بە گەشەسەندنێکی بەردەوام و هاوسەنگ.
9. دەرچوون لە واقعی کۆدەنگی و پەیڕەوکردنی واقعی زۆرینە لە کاری سیاسیدا.
10. بە هیچ شێوەیەك تەنازول نەکردن بۆ تیرۆر و موساوەمەنەکردن لەسەر ئەو گرەوە، چونکە تەنها بە دانوستان و تەنازول دادەبەزێتە ناو کۆمەڵگاو لایەنگیریش پەیدا دەکات. بەڵام ئەم تەنازول نەکردنە مانای پشتگوێ خستنی نییە، بەڵکو دەبێ لەلایەکی ترەوە هەڵسوکەوتێکی عەقڵانی سیاسی لەگەڵ بکرێ.

## سەرچاوەکان

1. أحمد الضو أحمد، العنف السياسي في السودان دراسة إحصائية تطبيقية للفتره 1956 – 1996، مجلة الدراسات الإستراتيجية، العدد: 15، ( الخرطوم، مطبعة جامعة الخرطوم، 1998).
2. أحمد جمال الظاهر، دراسات في الفلسفة السياسية، ط1، ( الاردن، مكتبة الكندي، 1988).
3. الان تورين، ماهي الديمقراطية؟ حكم الاكثرية أم ضمانات الأقلية، ت: حسن قبيسي، ط2، ( بيروت، دار الساقي، 2001).
4. أوستن جوزيف رني، سياسة الحكم، ت: د. حسن علي الذنون، ج2، ( بغداد، المكتبة الاهلية، 1966).

5. جورج بوردو، الـدولة، ت: د. سليم حداد، ط2، (بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، 1987).
6. د. جان- ماك كواكو، الشرعية والسياسة مساهمة فى دراسة القانون السياسى والمسؤولية السياسية، ت: خليل إبراهيم الطيار، (عمان، المركز العلمى للدراسات السياسية، 2001).
7. د. حسن نافعة، مباديء علم السياسية، (القاهرة، مكتبة الشروق الدولية، 2002).
8. د. صادق الاسود، علم الإجتماع السياسى أسسه وأبعاده، ط2، ( بغداد، مطبوعات جامعة بغداد، 1988).
9. د. عبدالحميد أحمد أبوسليمان، العنف و إداره الصراع السياسى فى الفكر الإسلامى، ط1، ( دمشق، دار الفكر، 2002).
10. د. عمر يوسف الطيب، علم الإجتماع السياسى الأصول والتحليل التكاملي، ( الخرطوم، دار عزة للنشر والتوزيع، 2004 ).
11. د. محمد حسن العيدروس، دراســـات فى المشــرق العــربى المعاصـــر، ط1، (الكويت، دار الكتاب الحديث، 2000).
12. د. محمد طه بدوى، المباديء الاساسية فى العلوم السياسية، ( الأسكندرية، منشأة المعارف، 2000).
13. د. محمد طه بدوى، مدخل إلى العلوم السياسية، ( الأسكندرية، مطبعة خوارزم، 2002).
14. د. محمود محمد سليمان، الماوردي والإجتماع السياسى.
15. د. يوسف محمد عبيدان، دراسات فى علم السياسة، ط1، ( بيروت، هوساك كومبيوتر برس للطباعة، 1990).
16. ريمون بولان، الاخــــــلاق والســــــياسة، ت: د.عادل العوا، ط2، (دمشق، دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، 1992).
17. سەردار قادر محی الدين، ڕەوتی توندوتیژی سیاسی دیاردەیەکی پەتایی یان گرفتێکی سیاسی، توێژینەوەیەکی بڵاونەکراوە، (سلیمانی، چاپخانەی ڕەهەند، 1998).
18. سردار قادر محى الدين، العنف السياسى كظاهرة دولية، سليمانيه، مطبعة رەهەند، 2002.
19. عبدالله العروى، مفهوم الدولة، ط4، (دار البيضاء، المركز الثقافي العربى، 1988).
20. فهمى هويدى، التدين المنقوص، ط1، ( القاهره، دار الشروق، 1994).
21. مارسيل بريلو، علم السياسه، ت: محمد برجاوى، ط3، (بيروت، منشورات عويدات، 1983).
22. محمد الرميحى، عصر التطرف، ط1، ( بيروت، دار الساقى، 1999 ).
23. محمد عابد الجابرى وآخرون، المسألة الديمقراطية فى الوطن العربى، ط1، ( بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، 2000).
24. منال إبراهيم حلمى، العلاقــة بين الأمــن والتنمــية: البعد الإقتصـــادى، مجلة النهضة، العدد الثامن، السنة الثانية، (القاهرة، كليه الإقتصاد والعلوم السياسية بجامعة القاهرة، تموز 2001).
25. ناصف نصار، منطق السلطة مدخل إلى فلسفة الأمر، ط1، ( بيروت، دار أمواج، 1995).
26. یاسای تیرۆر، 2006، 2021/2/7
https://www.mizanaladalah.com/wenekan_KS/01115852018
26. Roger ScrutenK A Dictionary Of Political Thought, Macmivan Reference Books, 1982). (London,

## الملخص

هناك حقيقة جوهرية وبديهية حول السلطة السياسية في عالم السياسة والشؤون العامة للمجتمعات، ألا وهي: أن وجود السلطة لم تتوقف على رضا الكامل للناس، كما أنها لم تتوقف في تكوينها على أنها سلطة كاملة وعادلة،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بل هي ضرورة مجتمعية حتى وإن كانت سلبية على مجتمعاتها، وهذا حال البشر منذ القدم، بحيث لم تستغن عن السلطة السياسية ولو لحظة معينة، لأن مقابل السلطة السلطة هناك فوضى. ةهذا لاينعني من قبلنا أن السلطة مهما كانت نوعها لابد وأن نرضى بنتيجتها وحكمها، بل نتجاوز هذه الحقيقة إلى بيان حقيقة أخرى أصبحت عبرة للجميع، وهي إذا لم تتمعن السلطة فلا وجود للهيبة الإدارية والإشراف والقانون، وعليها أن تنمي نفسها حتى تصل إلى مرحلة رضا أغلبية الناس عنها.

فالسلطة لابد وأن تكون مشروعاً تنموياً وإنمائياً للمجتمع، فبالرغم من ضرورتها للمجتمع لابد عليها المحاولة لتحقيق أهداف المجتمع وريادتها نحو الكمال وبلوغ المعالي. فحيثما وجدت السلطة لابد وأن تكون هناك القانون والإستقرار واستباب الأمن والسير نحو الأفضل، فمن أولى وظائفها هي الأمن والإستقرار في المجتمع، لأنه دون الأمن فلا وجود للسلطة السليمة، ولا وجود للأمن والرفاهية والعدالة، لذا بامكاننا القول إذا صلحت السلطة صلح كل شيء في المجتمع، لأن الغالبية الساحقة للفتن تأتي من خلال السلطة وليست إلا.

لم يخلو مجتمع في العالم إلا ويعاني من العنف بنسبة محددة، وخاصة العنف السياسي إلا المجتمعات التي فيها الديمقراطية والرفاهية والعدالة، فهذه الأركان الثلاثة تؤدتي بثمار إيجابي على المجتمع والسلطة. وليست بخافي عند أحد منا أن العنف السياسي المنتشر في مجتمعاتنا أغلبية أسبابها تأتي من خلال السلطة السياسية، لأن السلطة السياسية لم تتمعن بعد، وتعاني من كثير من النواقص، ولم تصل لمرحلة معينة تبعدها الجماعات السياسية عن مصالحها الخاصةأ فأصبحت السلطة امتيازاً لمن وجدها بل من حمل مسؤولية وطنية تجاه المجتمع والسعي نحو الرفاهية والإستقرار للمجتمع. فأصبحت المجتمعات في العالم النامي تتراوح في مكانها باستمرار.

وأخيراً بالنسبة لإقليم كوردستان العراق بالرغم من أن السلطة في طريقها نحو الإستقرار من خلال العملية الديمقراطية، إلا أنها لم يجني المجتمع الكوردستاني من ثمارها بعد، وبامكاننا القول أن العنف السياسي في الإقليم يقلل يوماً بعد يوم إذا كانت السلطة في المستوى المطلوب وتتقرب من تمعنتها على مستوى هموم الشعب الكوردستاني، ولابد أن يشعر الشعب بأن له سلطة تحميه وتوجهه لتحقيق أهدافه وطموحاته، وتجنبه من مآلات والفتن والأزمات.

## Political Power and the Process of Curbing Political Violence

### A Conceptual Interpretation of Political Power's Meaninizing, the Kurdistan Region as a Model

**Sardar Qadir Muhiddeen**
Department Of Law, College Of Law & International Relations, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Department Of Political System & Public Policies, College Of Political Science, Salahaddeen University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Dr.sardarqadir@lfu.edu.krd

**Key Words**: *Political power, political violence, political society, institutionalization, intransigence, terrorism, democracy, security, values, conflict.*

## Abstract

There is an essential and self-evident truth about political power in the world of politics and public affairs of societies, namely: that the existence of power did not depend on the complete satisfaction of people, nor did it stop its formation as a complete and just authority, but rather a societal necessity even if it was negative for its societies, This is the condition of human beings since ancient times, so that they have not given up political power for even a certain moment, because power is in exchange for power, there is chaos. This does not mean by us that power, whatever its type, must be satisfied with its outcome and judgment, but rather we go beyond this fact to explaining another truth that has become an example for everyone, and that if it does not examine the authority, there is no administrative prestige, supervision and law, and it must develop itself until it reaches the stage of satisfaction of the majority of people about her.
Authority must be a developmental and developmental project for society, despite its necessity for society, it must try to achieve the goals of society and lead it towards perfection and the attainment of glory. Wherever the authority is found, there must be law, stability, security and progress for the better. One of its first functions is security and stability in society, because without security there is no proper authority, and there is no security, welfare and justice, so we can say that if the authority is correct everything will be reconciled in society, because the overwhelming majority of temptations come through authority and nothing else.
No society in the world is free and suffers from violence to a limited extent, especially political violence, except for societies in which democracy, prosperity and justice, as these three pillars bear positive fruits on society and power. I am not afraid of any of us that the political violence prevalent in our societies, the majority of its causes come through political power, because political power has not yet been refined, suffers from many shortcomings, and has not reached a certain stage that separates political groups from their own interests. Power has become a privilege for those who find it, but whoever carries National responsibility towards society and the pursuit of

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

prosperity and stability for society. Societies in the developing world are constantly shifting in place.

Finally, regarding the Kurdistan Region of Iraq, although the authority is on its way to stability through the democratic process, it has not yet reaped the Kurdish society from its fruits, and we can say that political violence in the region decreases day after day if the authority is at the required level and is close to its introspection at the level of The concerns of the Kurdish people, and the people must feel that they have the authority to protect and direct them to achieve their goals and aspirations, and to avoid them from misfortunes, strife and crises.